# ڕەواندنەوەی چەند گومانێک دەربارەی: کۆیلایەتی لە ئیسلامدا

ئامادە کردنی: م/ صلاح الدین عبدالکریم

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**یەکێکی تر لەو گومانانەی کە ئاراستەی ئیسلام دەکرێت بریتییە لەوەی کەدانی ناوە بە یاسای کۆیلایەتی، بۆ ڕەوانەوەی ئەم گومانە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریو مێژووی دەخەینە بەر دەست خوێنەران بۆ ماناکانی کۆیلایەتیو جێ بەجێ کردنی لەناو خەڵکیدا لە کۆنو تازەدا، هەروەها ڕوونکردنەوەی ڕێگای هەرەبەرزی ئیسلام لەم بوارەدا:**

**أ- کۆیلایەتیو ئازادی لەلای خەڵکی:**

لە کاتی شیکردنەوەی مانای کۆیلایەتی لە دابو نەریتی خەڵکیدا لە کۆنو تازەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەگەڕێتەوە بۆچەند ڕەگەزێك کە لە هەندێ حاڵەتدا هەموویان هەنو لە هەندێکی تردا کورت دەکرێنەوە لەسەر هەندێکیان ئەویش بە گوێرەی خاوەنی کۆیلەکان، یاخود بە گوێرەی ئەو یاسا گشتییەی کە هەر کۆمەڵگەیەك دایناوە، وە ئەو ڕەگەزانەی مانای کۆیلایەتی بۆ دەگەڕێنەوە بە جیاوازی پلەو ئاراستەکانی دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بەم شێوەیە:

**یەکەم:** لێ سەندنەوەی سەربەستی موڵکایەتیو لێ سەندنەوەی سەربەستی کار کردنێك کە ببێتە هۆی موڵکداری.

**دووەم:** داوا کردن لە کۆیلە کە چی تواناو کۆششی هەیە بیخاتە گەڕ لەبەرامبەر ئەوەی کە خواردنو خواردنەوەو جێگاو شتە گرنگەکانی تری ژیانی پێ بدرێت کە ژیان بەبێ ئەوان ناچێتە سەر.

**سێیەم:** لێ سەندنەوەی سەربەستی کۆمەڵایەتی، کۆیلە ناتوانێت بەشداری هیچ کارێکی بە کۆمەڵ بکات چەندێك ئامانجەکانی بەرز بێت.

**چوارەم:** لێ سەندنەوەی سەربەستی سیاسی، کۆیلە ناتوانێت بۆچوونی سیاسی خۆی دەربڕێت سەبارەت بە باری سیاسی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەو تێیدا دەژی.

**پێنجەم:** لێ سەندنەوەو بێ بەش کردن لە سەربەستی ئایینی و بیروباوەڕی، کە کۆیلەکان سزا دانێکی سەخت سزا دەدران ئەگەر شوێنی دینێکی جگە لە دینی گەورەکەیان بکەوتنایە (وەکو بیلالی حەبەشی وصوهەیبی ڕومی و....زۆرێکی تر لە هاوەڵانﷺ کاتێك کە موسڵمان بوون و وازیان لە دینی گەورەکانیان هێنا توشی سەختترین ودژوارترین سزا بوون وبەدڕندەترین شێواز دەچەوسێنرانەوە).

**شەشەم:** گوشار خستنە سەر کۆیلەو داوا لێکردنی بە مانەوەی لەلای گەورەکەی وخزمەت کردنی وچێژتنی ماناکانی کۆیلایەتی، وە ئەگەر بیەوێت کۆچ بکاتو شاری گەورەکەی جێ بهێڵێت ئەوا بەڕاکردووەو هەڵهاتوو ودەرچووە لە گوێڕایەڵی گەورەکەی دەژمێردرێتو شایانی گەورەترین سزا دەبێت.

**حەوتەم:** لاشەو گیانی کۆیلە حەلاڵ و ڕێگە پێ دراون بۆ گەورەکەی چۆن ئارەزووی بێت سزای بدات، وە ئەگەر وویستی لێبوو لەبەر نزمترین وکەمترین هۆکار بیکوژێت، یاخود لە پێناو لەزەت کردن لە تەماشا کردنی دانە شەڕی کۆیلەکان کە کۆتای دێت بە یەکتر کوشتنیان، یاخود لەیەك دانیان بۆ ئەوەی گەورەکان بەختەوەرو دڵ خۆش بن بە ئازاری کۆیلەکان.

**هەشتەم:** ژێر بارکردنی کۆیلەکان وزۆر لێ کردنیان بۆ کوشتارکردنی دوژمنی خاوەنەکانیان.

**نۆیەم:** گونجاندی گواستنەوەی کۆیلە لە خاوەنێکەوە بۆ یەکێکی تر، ئیتر بە دیاری بێت یاخود میراتی یاخود لە جیاتی شتێکی تر.

ئەمە زۆربەی ئەو ڕەگەزانەیە هەموویان یان هەندێکیان هەبوونە لەو کاتەوەی کە خەڵکی کۆیلەیان ناسیووە، وە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئیسلام دانی بە زۆربەی ئەو ڕەگەزانەدا نەناوە بە هیچ شێوەیەك لە شێوازەکان، وە بە هیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکان.

بەلام خاوەنی کۆیلەکان لە واقیعی مرۆڤایەتیدا جاری وا هەبووە تاکە کەسێك بووەو جاری وایش هەبووە کۆمەڵە کەسێك بووە، وە جاری وا هەبووە کە هێزی ئەو کۆمەڵە وای لێ کردووە کە پۆشاکی دەسەلاتدارێتی فەرمانڕەوا بپۆشێت وخۆی زاڵ بکات بەسەر خەڵکیدا.

وە پێش ئەوەی وەلامی ئەو کەسانە بدەینەوە کە ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن بەوەی کە یاسای کۆیلایەتی لە بنچینەدا ریشەکێش نەکرد، باشتر وایە تیشکێك بخەینە سەر ڕەگەزەکانی کۆیلایەتی لە جیهانی تازەماندا کە ماوەیەکی نزیکە وا

خۆی نیشان دەدات کە پارێزەری ئازادیو سەربەستی‌یە وبانگەشەی بۆ دەکات.

بۆ ئەوەی بزانین چەند لەو نۆ ڕەگەزەی کە باسمان کرد ئێستا سەپێنراوە بەسەر گەلانی تردا تێڕوانینێکی گشتی بەسەر گەلە بە کۆیلە کراوەکاندا لە لایەن دەسەڵاتی ئیستعمارەوە، یاخود لە لایەن دەسەڵاتێکی خۆسەپێنەوە بەسە بۆ ئەوەی کە ئەوەمان بۆ دەربخات کە یاسای بە کۆیلە کردن بەردەوامەو تا ئێستایش لە جیهاندا جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام شێوازێکی ترو پۆشاکێکی تری پۆشیوە، وخۆی داپۆشیوە بە چەند ناوێکی تازەی وەکو: دەسەڵاتی یاساو دەسەڵاتی داگیرکەرو دەسەڵاتی ئینتداب ودەسەڵاتی حیزبی فەرمانڕەوا ودەسەڵاتی خۆسەپێنەری ستەمکار، کە هەموو ئەم ناوانە چەند کەسانێك سەرپەرشتی ونوێنەرایەتی دەکەن وبە بێ هیچ حەق ومافێك گەلانیان کردووە بە کۆیلە، وهێزی چەکداریو سەربازی دەیانپارێزێت، وە هەر کەسێك بیەوێت خۆی ڕزگار بکات لەو کۆیلایەتی‌یەی کە سەپێنراوە بەسەریدا ئەوا دادەنرێت بە دوژمنی یاسا یاخود دوژمنی دەسەڵات یاخود دوژمنی شۆڕش یاخود............ بۆیە شایانی هەموو جۆرە سزاو چەوساندنەوەیەکە تەنانەت کوشتنیش.

ئیتر جیاوازی چی‌یە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە ئازادی موڵکایەتیو ئازادی کارکردنێکی لێ سەندرابووەوە کە ببێتە هۆی موڵکایەتی وە لە نێوان هەندێك لە دەسەڵاتەکانی جیهانی تازە کە ئەم سەربەستیو ئازادی‌یە قەدەغە دەکەن لەسەر شێوازی کردنە کۆیلەی بە کۆمەڵی گشتی کە خۆی داپۆشیوە لە ژێر ناوی یاسای گشتی یاخود یاسا، یاخود....؟!.

جیاوازی چی‌یە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە ڕێگەی پێ نادرا هیچ چالاکی-یەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی پیادە بکات، وە لە نێوان گەلانی کراو بە کۆیلە کە قەدەغە کراوە لە پیادە کردنی جۆرەها چالاکی‌یە کۆمەلایەتیو سیاسی‌یەکان لە هەندێك لە وولاتانی جیهانی نوێدا کە بانگەشەی پێشکەوتن خوازیو هەڵگری ئالای سەربەستی وئازادی دەکەن؟!.

مانای کۆیلایەتی لە هەردووکیاندا یەکە بەڵام لە کۆندا کۆیلایەتی بۆ تاکە کەس بوو بەڵام ئێستا بووە بە کۆیلایەتی کردنی نەتەوە وگەلان.

جیاوازی چی‌یە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە داوای لە کۆیلە دەکرد چەندێك توانای هەیە سەرفی بکات لە بەرامبەر ئەوەی کە هەندێك لە پێویستی‌یە گرنگەکانی ژیانی بۆ دابین بکرێت، وە لە نێوان ئەوانەی کە یاسایەکی لەم

چەشنانەیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت لە هەندێك لە ڕژێمەکانی جیهانی نوێ وە لەسەر شێوازی کردنە کۆیلەی بەکۆمەڵ؟!.

جیاوازی چی‌یە لە نێوان کۆیلەی جیهانی کۆن کە دینی گەورەکەی یاخود مەزهەبی گەورەکەی دەسەپێنرا بە سەریداو دەبوایە پیادەی بکات، وە لە نێوان چەندەها لە گەلان کە لە جیهانی تازەدا دەچەوسێنرێنەوە بۆ ئەوەی پەیوەست بن بە مەزهەبێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوەوە یاخود نکوڵی لە بیرو باوەڕێکی ئایینی دەست نیشانکراو دەکاتو جگە لەوە پیادە دەکات؟!.

مانای کۆیلایەتی لە هەردوکیاندا یەکە بەڵام پێشتر بۆ تاکە کەس بووەو ئێستا بۆ نەتەوەو گەلانە.

با ئەو کەسانەی کە بە سۆزو بەزەیی هاتنەوەیان بۆ کۆیلەی جیهانی کۆن خەڵکی دەخەڵەتێنن با بزانن ئەوان لە هەموو کەس زیاتر گەلانیان کردووە بە کۆیلەو کۆیلەکانی ژێر دەستیان دەچەوسێننەوە هەرچەندە ئەگەر ناوی تریان لە خۆیان نابێت جگە لەناوی کۆیلایەتی کردن.

**ب- هۆکاری کردنە کۆیلە لە لای خەڵکی:** خەڵکی لە کۆنەوە یاسای کردنە کۆیلەیان زانیووە، وهۆکارەکانیشی لایان جۆراو جۆر بووە، وە زۆربەیان پشتیان بەستووە بە ستەم کردنی بەهێز لە لاواز.

**لە هۆکارەکانی:** دیل کە بە هۆی شەڕەوە دەبێت، ئیتر ئایا شەڕەکە لە نێوان گەلانی جیاوازدا بێت، لە نێوان هۆزەکانی یەك گەل، وە ئایا شەڕی دەرەکی بێت یان ناوخۆ، وە سەرەنجامی دیل تێیدا یان کوشتن بووە یان کردنە کۆیلە یان بەردان بە پارە.

وە لە **هۆکارەکانی:** زاڵ بوون بەسەر ئازادی مرۆڤ بە دزینو ڕفاندنو دۆزینەوە، وە لەوانەی کە بوون بە قوربانی ئەم جۆرە وکران بە بەندە بە ستەم پێغەمبەر یوسف بووﷺ کە کاروانەکە لە ناو بیرەکە دەریان کردو فرۆشتیان بە نرخێکی کەمو وەکو کۆیلە برا بۆ میسر (چیرۆکەکە لە قورئانی پیرۆز بە درێژی باس کراوە لەسورەتی یوسف).

وە لەوانەی کە بوون بە قوربانی ئەم جۆرە لە بەکۆیلە کردن زەیدی کوڕی حارثة بووﷺ کاتێك کە منداڵ بوو کەسو کاری لەگەڵ کاروانێکدا ناردیان، بەڵام کاتێك کە کاروانەکە دوور کەوتەوە وەکو کۆیلەیەك لە مەککە فرۆشتیان، وە بەم شێوەیە مایەوە تاوەکو پێغەمبەرﷺ ئازادی کرد، بەڵام لە پاش ئازاد کردنی خزمەتکردنی پێغەمبەری خوایﷺ هەڵبژارد بەسەر ڕۆیشتنەوە لەگەڵ کەسو کاریدا کاتێك کە دۆزی‌یانەوە.

وە لەوانە صهیب ﵁ کاتێك کە ڕۆمەکان کردیان بە کۆیلەو پاشان هۆزی کلب لێیانی کڕیو هێنرا بۆ مەککە و عبدالله بن جدعان کڕی، وە یەکێك بوو لەو کۆیلانەی کە لە پێناوی خوادا سزا دەدرا.

وە لەوانە زنجی یەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کەنارەکانی ئەفریقا دزران و وەکو ئاژەڵ بەرەو ئەمریکای باکور بران تاکو وەکو کۆیلەو بەندە لە کێڵگەی ویلایەتەکەیاندا کار بکەن، لە خراپترین بواری ژیانیدا بوون زەلیل و سەرشۆڕ کرابوون وسزادەدران، و ماندوو دەکران بە کارە قورس و سەختەکانەوە.

وە یەکێکی تر لە **هۆکارەکانی** بە کۆیلایەتی کردن ئەنجام دانی هەندێك تاوانی گەورە بوو وەکو کوشتن و دزی و زینا، کە بڕیار دەدرا بەسەر ئەنجامدەرانیدا بە کۆیلە کردن بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت یاخود ئەوەی کە تاوانەکەی بەرامبەر ئەنجام دراوە.

وە لە **هۆکارەکانی** تری نەتوانینی دانەوەی قەرز، ئەو کاتە بڕیاردەدرا کە قەرزار بکرێت بە کۆیلەی خاوەن قەرز.

وە هەندێك لە خەڵکی لەناو چینە هەژارەکانی کۆمەڵدا خۆیان منداڵەکانیان دەفرۆشت بەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان هەیە بەسەریاندا، وە یاسا گشتی یەکان لەلای زۆرێك لە نەتەوەکان ڕێگەیان بەمە داوە.

وە کاتێك کە برسێتی یاخود ترس زۆری بۆ هەندێك لە خەڵکی بهێنایە ئەوا وازیان لە ئازادی خۆیان دەهێنا بۆ ئەو کەسانەی کە پەنای بدانایەو خواردنی پێ بدانایە.

وە یەکێکی تر لە **هۆکارەکانی** کردنە کۆیلە منداڵ بوونی کۆیلەکان، چونکە ئەوەی لە کۆیلە ببوایە خۆیشی دەبوو بە کۆیلە با باوکیشی گەورە بوایە.

بەڵام کاتێك کە ئیسلام هات زۆربەی هەرە زۆری هۆکارەکانی بە کۆیلە کردنی بڵاوی لەناو خەڵکیدا هەڵوەشانەوە بە جیاوازی جۆرەکانی، بەڵام لە توانایدا نەبوو کە یاسای دیلی جەنگی دەرەکی و ئەوەی بە دوایدا دێت لە بە کۆیلە کردنێك کە مەبەست پێی خودی خۆی نی یە هەڵوەشێنێتەوە، چونکە هەڵوەشانەوەی یاسای دیل پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەی خودی جەنگەکەو هۆکارەکانی هەیە، وە لە تواناى هیچ یاساو دەستورو کۆمەڵگایەکدا نی یە کە ئەم شتە هەڵوەشێنێتەوە بەشێوەیەکی یەکجاری و تەواو، هەتا لە جیهاندا ڕژێم و کۆمەڵگای تر هەبێت کە ناچارت بکات بچیتە جەنگەوە لە گەڵیدا، کە ئەو دیلەکانی تۆ دەکات بە کۆیلە وبەخراپترین شێواز ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات تۆیش ناچاری دیلەکانی ئەو

بکەیت بە کۆیلە وهاوشێوەی ئەو مامەڵە لەگەڵ دیلەکانیدا بکەیت، بەڵام ئیسلام لەگەڵ ناچار بوونی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دیلی بەرامبەردا بە هاوشێوەی ئەوان لەڕووی ئاشکراوە بەڵام دیلی جەنگی بەشێوەیەك بەرز کردەوە کە تا ئێستا نوێترین یاساو دەستووری جیهان پێی نەگەیشتوون.

بەڵام دوژمنانی ئیسلام هەوڵ دەدەن لە پاش هەموو ئەمانە کە سەربەرزیو شکۆداری ئیسلام بسڕنەوە بە درۆو سەرلێشێواندنی خەڵکی.

**ج: کۆیلە لە لای جگە لە موسڵمانان:**

کۆیلە لای ڕۆمان وەکو ئاژەڵ بوون، هەموو مافەکانی مرۆڤایەتی‌یان لێ زەوت کرابوو، وە بەکاریان دەهێنان لە کاری قورسو سەختدا، وە لە جەنگدا بۆ ڕەزامەندی ئارەزووە خراپە نزمەکانیان، وە ئەم کۆیلانەیان بە دەست دەهێنا لە ڕێگای جەنگێکەوە کە هیچ ئامانجێکی نەبوو تەنها زاڵ بوونو چەوساندنەوەو کردنە کۆیلەی میللەتانو گەلان، یاخود لە ڕێگەی دزیو تاڵانیو ڕفاندنو هاوشێوەی ئەمانە.

وە کۆیلەکانیان کۆتو زنجیر دەکرد تا ڕانەکەن، وە کاری قورسیان پێ دەکردن وە ئەوەی دوا بکەوتایە لە کارکردن سەخت ترین سزایان دەدا.

وە شوێنی کۆیلەکان لە بەندینخانەی تاریکی ناخۆش دەچوو، یاخود لە کولانەی ئاژەڵ دەچوو بەڵام گەورەکانیان لە کۆشكو تەلاری بەرزدا دەژیان وهەموو هۆکارێکی خۆش گوزەرانیان هەبوو.

وە ڕۆمان ئاهەنگو ڤیستیڤاڵی خۆشەویستیان هەبوو کە تێیدا ڕمبازی ڕاستەقینەیان تێیدا دەبینی لە نێوان کۆیلەکاندا، کە لەم ڕمبازی‌یەدا (مبارزة) شمشێرو ڕم لە یەکتری دەدراو یەکتریان دەکوشت، ئەوکاتە دڵی بینەرانی ڕۆمان پڕ لە خۆشی دەبوو بە ئێشو ئازاری کۆیلەکان.

وە مامەڵەی کۆیلە بەهەمان شێوە بوو لای فارسو هیندو عەرەبو جگە لەمانە، وە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام کۆیلە لە لای گەورەکانیان سەخت ترین سزا دەدران ئەگەر موسڵمان بوونایە وەکو صهيب الرومي وعامر بن فهيرة و بلال بن رباح الحبشي و جگە لەمانﷺ، عامرو بیلال ابو بکرﷺ کڕییانیو ئازادیانی کردو ڕزگاریانی کرد لە سزا، وەچەند بەندەیەکی تری ئازاد کرد کە لە پێناوی خوای گەورەدا سزا دەدران.

بەڵام یونان مەزهەبە فەلسەفی‌یەکان لە لایەن پاساوی هزری دەهێنایەوە بۆ ڕژێمی کۆیلە، مەزهەبی (ئەرسطۆ) دەربارەی کۆیلە وایە کە کۆمەڵێك لە خەڵکی بۆ کۆیلایەتی دروست کراون،

چونکە ئەوان کاری ئەو ئامێرانە دەکەن کە ئازادەکان هەڵسوکەوتی پێ دەکەن، ئەوان ئامێرێکی زیندوون و لە کارکردندا لە ئامێرە بێ گیانەکان دەچن.

وە (أفلاطون) مامۆستای (أرسطو) لە (الجمهورية الفاضلة) کەیدا دان بەوەدا دەنێت کە کۆیلە هاونیشتمانی نین، وە ناچاریان دەکات لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ ئازادەکان، وە شارستانی یۆنانی یاسای کۆیلایەتی گشتی دانا بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت، وە یاسای کۆیلایەتی تایبەت بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس، وە کۆیلە لای ئەوان هەموو ئازادی یە مرۆڤایەتی یەکانی لێ زەوت کرابوو.

وە جولەکەیش دەستێکی بالاّیان هەبووە لە بە کۆیلە کردنی خەڵکی لە هەموو چاخەکانیاندا، وە قورئان پێمان ڕادەگەیەنێت کە ئەوان سنووری خوای گەورەیان بەزاندووە تا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە برا دینی یەکانیان بکوژن و دیلیان بکەن و داوای فیدیەیان لێ بکەن، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ثُمَّ أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنْفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِنْكُمْ مِنْ دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِمْ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِنْ يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ .....﴾ [البقرة: ٨٥] .

واتە: پاشان ئێوە – جولەکە – کەسانێکن کە یەکتری دەکوژن وکۆمەڵێك لە خۆتان ئاوارە ودەربەدەر دەکەن ویارمەتیان دەدەن لەسەر تاوان ودوژمنکاری ودەرکردن، وەئەگەر دیلیشتان دەست بکەوێت ئەوا بە پارە ئازادیان دەکەن، کە لە تەوراتدا خوای گەورە پەیمانی لێ وەرگرتون کە یەکتری نەکوژن ویەکتری دەربەدەر نەکەن ویەکتری نەکەن بە کۆیلە.

وە فەرمایشتەکانی مەسیحیەتی نوسراو لەسەر زمانی (بولص) لە نامەکەیدا بۆ خەڵکی (ئەفس) دەڵێت: (ايها العبيد أطيعوا سادتكم....... كعبيد المسيح عاملين مشيئة الله من القلب خادمين بنية صالحة).

واتە: ئەی کۆیلەکان گوێڕایەڵی گەورەکانتان بن ........ وەکو کۆیلەی مەسیح کار بکەن بە ویستی خوا لە دڵەوە، وە خزمەت بکەن بە نیەتێکی چاك.

وە هاوشێوەی ئەمە دەبینین لە ڕاسپاردەکانی (بطرس) وە باباکانی کەنیسە گوێڕایەڵیان پێویست کردووە لەسەر کۆیلەکان، چونکە کۆیلایەتی لە دیدی ئەواندا سرووشتی وەك ئەوەیە هەندێك لە تاوانەکانی مرۆڤ و کۆیلەکان جێ بەجێ دەکەن.

**د: كۆیله له ئیسلامدا:**

کاتێك که ئیسلام هات زۆربەی ئەو هۆکارو ڕەگەزانەی هەڵوەشاندەوە کە مەفهومی کۆیلەی لەسەر ڕاوەستابوو، تەنها دیلی جەنگ نەبێت کە ئەمیش پێویستی وا دەخوازێت کە بمێنێتەوە، وە ئیسلام کاری کردووە بۆ ئازاد کردنی کۆیلە بە جۆرەها هۆکار لەیاسا بەرزە نموونەییەکانیدا.

وە کاتێك کە ئیسلام هات هەموو گەلانی شارستانیو ناشارستانی دانیان بە یاسای کۆیلایەتیدا دەنا بە هەموو جۆرەکانییەوە، وە دانیان بە هەموو ئەو هۆکارانەدا دەنا کە مرۆڤیان بەرەو کۆیلایەتی دەبرد ئەمیش هەموو جۆرەکانی هەڵوەشاندەوە تەنها ئەوە نەبێت کە پێویستیو ناچاری دەیخوازێت ئەویش دیلی جەنگە، ئەو جەنگانەی لە نێوان موسڵمانان وبێ بڕوایاندا ڕوو دەدات لەبەر چەند هۆکارێك کە توانای ڕەت کردنەوەیان نییە.

بەم شێوازە ئیسلامییە مەفهومی کۆیلە گۆڕانێکی گشتی بەسەردا هات، وە ئیسلام زۆربەی ئەو سەرچاوانەی گرت کە یارمەتی یاسای کۆیلایەتیان دەدا لە جیهاندا.

تەنها پێویستی ناچاری کرد کە دیلی جەنگ بهێڵێتەوە کە ئەمەیش لە هەموو کات وشوێن ویاسا مرۆڤایەتییەکان هێشتوویانەتەوە، بەڵام ئیسلام تێڕوانێکی ڕێز لێنانی بۆ دیلی جەنگ هەیە وە هانی موسڵمانان دەدات بۆ ئازاد کردنی کۆیلە.

وە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دیلی جەنگ هیچ ڕێگایەکی تر نییە تەنها پەنا بردن بۆ یەکێك لەم چارەسەرانە نەبێت:

**چارەسەری یەکەم:** کوشتنیانو ڕزگار بوون لە کێشەکەیان بە یەکجاری، کە ئەمە لەوانەیە چارەسەر بێت بۆ ئوممەتێك کە ساوا بێت ودامەزراو نەبێت لەسەر زەوی.

**چارەسەری دووەم:** ئازاد کردنیان بە بێ بەرامبەر کە قورئان ئەم چارەسەرەی پێش خستووەو جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر زیانی بۆ سەر موسڵمانان نەبێت بە تایبەت ئەگەر وای بینی کە بەسودە بۆ بەدەست هێنانی دڵی دیل وکەس وکاریان بۆ ئیسلام، چونکە ئیسلام مەبەستی کوشتنی خەڵکیو زەلیل کردنیان لە ژێر دەستی موسڵمانان نییە، بەڵکو مەبەستی هیدایەت دانی خەڵکیو ڕێنمونی کردنیانە بۆ حەقو ڕاستیو خێرو چاکە.

**چارەسەری سێیەم:** گۆڕینەوەیان بە دیلی موسڵمانان لای دوژمن، یاخود ئازاد کردنیان بەرامبەر پارەو چەكو زانست یاخود ملکەچ کردنیان بە چەند مەرجێکی ڕێککەوتنی دیاری کراو، یاخود هەر شتێك کە سودی موسڵمانانی تێدا بێت ئەگەر

ئـازاد کردنـی دیلـەکان زیـانی بـۆ سـەر موسڵمانان نەبێت.

**چارەسەری چوارەم:** هێشتنەوەیان وەکو دیل لە ژێر دەستی موسڵمانان، ئـەویش کاتێك کە ئازاد کردنیان ترسناکی هـەبێت بۆ سەر موسڵمانان بە شێوەیەکی گشتی، وەنـاوەڕۆکی ئـەم چارەسـەرەیە کـە ئیسلامی ناچار کردووە کـە ئـەم جۆرە هەڵنەوەشێنێتەوە وبیهێڵێتـەوە، ودیلـی جـەنگ هەنـدێك سەربەسـتی مـەدەنی لێ بسەندرێتەوە.

وە کـە دیلـی جـەنگ ئـازاد نـەکران‌و هێڵرانـەوە ئـەوا دەبێـت لـە ژێـر چاودێری‌یەکی وردو توندا بن بۆ ئـەوەی نـەبن بەسەرچـاوەی ئاشـوب‌و ئـاژاوەو ناپاکی‌و پیلان گێڕان دژی موسڵمانان لـە نـاو ڕیزەکانی خۆیانـەوە، کـە ئەمـەش وا دەخوازێـت کـە هـەموو سەربەسـتی‌یـە مەدەنی‌یەکانیان پـێ نـەدرێت، وە لایـەنی بـەرپرس لـە دیلـەکان تـەنها دوو ڕێگـای لەبەر دەستە:

**ڕێگای یەکەم:** دیلەکان بەند بکرێن لـەناو بەندینخانـەی گشتی خـواردنی تایبـەتیان پـێ بدرێت لەگـەڵ پاراستنی ڕێـزو پلـەی مرۆڤایـەتیان لـەوەی کـە ڕووبـەڕووی بـێ ڕێزی‌و سزا نەبنـەوە، هـەروەها داوایـان لێ بکرێت بەجێ بەجێ کردنی هەندێك کاری سود بەخش کە کـاتی پـێ بەسـەر بـەرن‌و تواناکانیـانی پـێ سـەرف بکـەن‌و ببێتـە وەرزشێك بۆ لەشیان.

ئەمە چارەسەرێکە ئیسلام دای نـاوە هـەر کاتێك بەرژەوەندی موسڵمانان ودیلـەکان و ئامانجـەکانی بانگـەوازی تێـدا بێـت جێبەجێ دەکرێت.

بـەڵام ڕیسوا کـردن وئـازاردان وخزمـەت نەکردن وکاری قورس پێ کردنیان ئەمانـە ئیـسلام ڕێگـەی پـێ نـادات وقەدەغـەی کردووە.

بـەڵام دەوڵـەتانێکی زۆری شارسـتانی‌و بانگەشـەکەرانی ئـازادی وسەربەسـتی و مافی مرۆڤ پەیڕەوی دەکەن لە جیهاندا.

**ڕێگـای دووەم:** بەنـد نـەکرێن لـەناو بەندینخانەی گشتی بـەڵکو دابـەش بکـرێن بەسـەر خێزانـە موسـڵمانەکاندا وە بـبن بەبەشێك لـە بـوونی ئـەو خێزانـە، وەکـو ئـەوان ولـەوەی ئـەوان دەخـۆن و دەخۆنـەوە ولەبـەر دەکـەن، وە ئافرەتانیـان مـارە دەکـرێن، وە جـاری وا هەیـە ئـازاد دەکـرێن ودەبنـە خێزانـی خاوەنەکـەی، وە خێزانەکـە نەفەقـەی دیلەکـە دەکـات و پێداویـستیەکانی بـۆ دابـین دەکـات، وە چاودێریـشی دەکـات لەوەی نەوەك ناپاکی بکات یـاخود پـیلان بگێڕێت.

وە بـەم شـێوازە ئـەو دیلـە بـێ باوەڕانـە بۆیان دەگونجێت کە شارەزای ڕەوشـت و

بیروباوەڕو هەڵسوکەوتی جوانی ئیسلام بن[١].

وە سەربەستی ئایین وپەرستن وفێربوونی زانست بە دیلەکان دەدرێت.

وە جاری وا هەیە سەربەستی کارکردن و موڵکایەتیشان پێ دەدرێت ئەگەر خاوەنەکانیان ڕێگایان پێ بدەن، یاخود بەڵگە نامەیان لە گەڵدا بنوسن بۆ ئازاد کردنی خۆیان بەرامبەر بڕە پارەیەك کە پەیدای دەکەن.

وە ئیسلام ئەم ڕێگایەیشی داناوە ئەگەر بەرژەوەندی ئیسلام وموسڵمانان و دیلەکانی تێدا بێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئیسلام زۆر هانی ئازاد کردنی دیلی داوە، وە لە زۆر حاڵەتدا پێویستی کردووە ئەو دیلانە ئازاد بکرێن کە باوەڕیان هێناوەو دامەزراو باش بوونە.

هەروەها ئیسلام ڕێزی زۆری لە دیل ناوە لە زۆر بواری پەروەردەیی بەرزدا کە وایان لێ دەکات ڕق وکینە لە دڵیاندا نەمێنێت بەرامبەر ئیسلام وموسڵمانان و ئەم پەیامە خواییە پیرۆزەیان لا خۆشەویست بکات تا بێنە ناویەوە، بەوەی کە مامەڵەی جوان لەگەڵ دیلەکاندا بکەن و وەکو ئەندامێکی خێزانەکەی خۆیان تەماشایان بکەن، وە لێیان نەدەن وئازار وسزایان نەدەنو سوك وڕیسوایان نەکەن وجوێنیان پێ نەدەن ونەیانشکێننەوە وکارێکیان پێ نەسپێرن کە لە توانایاندا نەبێت، وە لەگەڵ خۆیاندا لە خواردنو خواردنەوەی خۆیانیان پێ بدەن وخۆیان چی دەپۆشن ئەویش بەوان بدەن وە لە شوێنی خۆیان بیانخەوێنن، وە هەرکاتێك هاتنە ناو ئیسلامەوەو دامەزراو بوون ئەوا ئیسلام داوا لە خاوەنەکانیان دەکات ئازادیان بکەن وئەو ئازادیەیان پێ ببەخشنەوە کە لێیان سەندرابوو لەبەر بەرژەوەندی ئاسایشی گشتی کە ئەمەش وەکو پێدانی ڕەگەز نامە وایە کە دەبن بە هاونیشتمانی ئازاد لەناو وولاتی موسڵماناندا.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئیسلام هەوڵی داوە تێکەڵیان بکات لەگەڵ ئەو هۆز وتیرە وعەشیرەتانەی کە ئەوان تێیدا بەندە بوونە، بەم شێوازەیش پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ پێك دێت کە تێیدا بەندەکانی کۆن وئازادەکان یەك دەگرن وهەمان نەسەب وڕەچەڵەکی ئەو هۆزو عەشیرەتانەیان دەبێت لە ڕێگای وەلائەوە(الــولاء) کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی دەفەرمێت:

(الولاء لحمة كلحمة النسب)[٢].

---

(١) زۆرێك لەو دیلانە بەم شێوەیە موسڵمان بوونە.

(٢) (رواه ابن حبان عن ابن عمر رضي الله عنه، وصححه الشيخ الألباني في إرواء الغليل: ١٦٦٨).

بـەم پـەروەردە ئیـسلامیـیـە گەورەیـە زۆرێك لە دیلەکان بوون بە گەورە زانایانی ئیـسلام وگـەورە پیاوچـاکانیان پـاش ئـەوەی کـە پێـشتر دیـل وبەنـدە بـوون، وەکـو بـیلالی حەبەشـی رضي الله عنه کاتێـك کـە ئیمامی أبـو بکـر رضي الله عنه کڕی و ئـازادی کـرد ئیمامی عومەر رضي الله عنه فەرمووی:
(أبو بكر سیدنا وأعتق سیدنا)[٣].
واتە: أبو بکـر گەورەمانـە وگەورەیـشمانی ئازاد کرد.
هـەروەها ئیمـامی عومـەر ئاواتـەخواز بـوو کە سالمی خزمەتکاری أبـو حذیفـة رضي الله عنهم زیندوو بوایـە تـا هەڵبـژێرێت بـۆ پۆسـتی خەلیفە.
وە لە پاش ئەمە زیاتر فراوان بوو تـاوەکو دیلـەکان بـوون بـە فـەرمانڕەوا لـە چاخەکانی مێـژووی ئیـسلامدا، وە لـە نـاو خەلیفەکاندا هەبووە کە لە دایکێکـی دیـل بووە.
الحافظ المـزي لـە(تهـذیب الكمـال) دا دەفەرمێت: (ئیمـامی الزهري دەفـەرمێت: هـاتم بۆ لای عبدالملك بـن مـروان –کـە خەلیفەی موسڵمانان بـوو– پـێی ووتم لـە کوێـوە هاتوویـت ئـەی زوهـری؟ ووتم: لـە مەککەوە، ووتـی: کێت بـە جـێ هێشتووە بـە گـەورەیان کـە سەرپـەرشـتیان بکـات؟ ووتم: عطاء بـن أبي ربـاح، ووتـی: ئایـا عەرەبـە یـاخود کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار؟ ووتم: کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمەتکار، ووتی: بەهۆی چیـیەوە بـووە بـە گـەورەیان؟ ووتم: بـە دینـداری وگێڕانەوەی فـەرموودە، ووتـی: خـەڵکانی دینـدار وفـەرموودەگێڕەوان هـەر دەبێـت بن بـە گـەورەو فـەرمانڕەوا، ووتـی: ئـەی کێ فـەرمانڕەوا وگـەورەی یەمەنـە؟ ووتم: طاوس بن کیـسان، ووتـی: ئایـا عەرەبـە یـاخود کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار؟ ووتم: کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار، ووتـی: بـەهۆی چـیـیـەوە بـووە بـە گـەورەیان؟ ووتم: بـەو شتـەی کـە عطـاء پـێی بووە بە فەرمانڕەوا وگەورە، ووتـی: هەر دەبێت وابێت.
ووتـی: ئـەی کـێ فـەرمانڕەواو گـەورەی میسرە؟ ووتم: یزید بن حبیب، ووتی: ئایـا عەرەبـە یـاخود کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار؟ ووتم: کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمەتکار، ووتی: ئەی کـێ فـەرمانڕەواو گەورەی شـامە؟ ووتم: مکحـول، ووتـی: ئایـا عەرەبـە یـاخود کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار؟ ووتم: کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار، کۆیلەیـەکی نـوبی بـوو ئافرەتێك لە هـذیل ئـازادی کـرد، ووتـی: ئەی کێ فەرمانڕەواو گەورەی جەزیرەیە؟ ووتم: میمون بن مهران، ووتی: ئایا عەرەبە یـاخود کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار؟ ووتم: کۆیلـەی ئـازاد کـراو وخزمـەتکار،

---

(٣) (رواه البخاري، وانظر: مشكاة المصابیح: ٦٢٥٠).

ووتی: ئەی کێ فەرمانڕەواو گەورەی خوراسانە؟ ووتم: الضحاك بن مزاحم، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار؟ ووتم: کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار، ووتی: ئەی کێ فەرمانڕەواو گەورەی بەصرەیە؟ ووتم: الحسن البصري، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار؟ ووتم: کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار، ووتی: هاوار بۆ خۆت، ئەی کێ فەرمانڕەواو گەورەی کوفەیە؟ ووتم: إبراهيم النخعي، ووتی: ئایا عەرەبە یاخود کۆیلەی ئازاد کراو وخزمەتکار؟ ووتم: عەرەبە، ووتی: هاوار بۆ خۆت ئەی زوهری ناخۆشیت لەسەر لابردم، سوێند بە خوای گەورە کۆیلەو خزمەتکاران لەم وولاتەیشدا دەبن بە فەرمانڕەوا وگەورە تا ووتاریان بۆ دەدرێت لەسەر مینبەر وعەرەبیش لە خوارەوە دەبن، ووتم؟ ئەی ئەمیری ئیمانداران، ئەمە تەنها دینە، هەر کەسێك بیپارێزێت دەبێت بە گەورە وفەرمانڕەوا، وە هەرکەسێکیش بیفەوتێنێت دەکەوێت ولەناودەچێت)[٤] .

وە ئیمامی ئەحمەد دەفەرمێت:

(نافع بن عبدالحارث گەیشت بە ئیمامی عومەرﷺ لە عەسفان، کە ئیمامی عومەرﷺ کردبووی بە والی بەسەر مەککەی پیرۆز، ئیمامی عومەرﷺ پێی فەرموو کێت بەجێ هێشتووە بە فەرمانڕەوا بەسەر خەڵکی مەککەوە؟ ئەویش ووتی: ابن أبزي کە یەکێکە لە کۆیلە ئازاد کراوەکان، ئیمامی عومەرﷺ فەرمووی: کۆیلەیەکت بە والی بەجێ هێشتووە بەسەر خەڵکی مەککەوە؟ ئەویش ووتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەو قورئانی لەبەرە وزانایە بە زانیاری میرات وقازیە، ئیمامی عومەرﷺ فەرمووی: بەڕاستی پێغەمبەرەکەتانﷺ فەرموویەتی:

(إن الله يرفع بهذا الكتاب قوماً ويضع به آخرين)[٥].

واتە: خوای گەورە بەهۆی ئەم قورئانەوە کەسانێك بەرز دەکاتەوە، وە کەسانێکی تری پێ دادەگرێت)[٦].

ئیتر ئایا لەم چارەسەرە ئیسلامیە جگە لە ڕێز لێنانێکی زۆر بۆ دیلی دوژمنی جەنگاوەر چی تر هەیە؟! وە ئایا هیچ دەوڵەتێکی سەر ڕووی زەوی لە جیهانی شارستانێتی تازەدا بوارێکی وای بە دیلی جەنگ داوە؟ وە ڕێزێکی وای لێ ناون؟. یاخود دەیانخەنە بەندینخانەی زەلیلیو سەرشۆڕی وریسوایی وسزادان وبێ بەش کردن لە پێداویستیەکانی ژیان لەگەڵ

(٤) (فتح المجيد: ص٣١٧-٣١٨).

(٥) (أخرجه مسلم في: صلاة المسافرين: ٨١٧، عبدالباقي).

(٦) (تفسير القرآن العظيم لابن كثير: ٣٨/٨، تعليق وتخريج هاني الحاج).

کارپێکردنیان بە شێوەیەك لە توانایاندا نەبێت، وەبەندینخانەی گوانتانامۆ وئەبو غرێب باشترین بەڵگەی تازەن لەسەر ئەم شتە.

**هـ: ئەو هۆکارانەی کە ئیسلام گرتویەتیە بەر بۆ ڕزگار کردنی کۆیلە:**

ئیسلام چەندەها هۆکاری گرتۆتە بەر بۆ ڕزگار کردنی کۆیلە وە توێژەرەوەکان وای دەبینن کە ئەو هۆکارانە کارا بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆیلایەتی بە شێوەیەکی پلە پلەیی:

**هۆکاری یەکەم: بەڵێن نامە نوسین:** (المكاتبة):

واتە: مۆڵەت دانو ئازادی دانێکی پەیوەست بە دیل بەوەی ماوەیەکی کاتی پێ بدرێت تێیدا کار بکات بە شێوەیەکی ئازاد بۆ ئەوەی ئازادی خۆی بکڕێتەوە لە خاوەنەکەی بە بڕێك پارە کە خۆیو خاوەنەکەی لەسەری ڕێك کەوتوون ئەویش لەو ماوەیەدا هەوڵ دەدات و کار دەکات تا پەیدای بکات، وە خوای گەورەیش فەرمانی بە موسڵمانان کردووە بە گشتی کە یارمەتی ئەو دیلانە بدەن لە ڕێگای زەکات وخێرو سەدەقەوە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان ئازاد بکەن.

وە زۆرێك لە زانایان فەرموویانە: پێویستە لەسەر خاوەن ماڵ کە بەڵێن نامەیەك بنوسێت لەگەڵ بەندەکەیدا هەر کاتێك داوای لێ کرد وئەویش خێرو وەفاو ئەمانەت و باوەڕێکی ڕاستی لێ بینی، بەڵگەیشیان ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ﴾ [النور: ٣٣] .

لەم ئایەتەدا خوای گەورە فەرمان دەکات بە خاوەنەکانیان بە نوسینی بەڵێن نامە لە گەڵیاندا، وە فەرمان دەکات بە خاوەنەکانیان وبە موسڵمانان بە یارمەتی دانانیان بۆ دانەوەی ئەو پارەیەی کە ئازاد کردنیان ڕاوەستاوە لەسەری.

**هۆکاری دووەم: دانانی ئازاد کردنی بەندە وەکو کەفارەت وسڕڕەوەیەك بۆ زۆرێك لە تاوانو هەڵەو سەرپێچیو سوێند خواردنەکان:** بۆ نمونە دەبینین لە شەریعەتی ئیسلامدا ئازادکردنی بەندەیەك دانراوە وەکو کەفارەتێك بۆ کەسێك کە باوەڕدارێکی بەهەڵە کوشتبێت، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ

﴿تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾ [النساء: ٩٢] .

واتە: بۆ هیچ باوەڕدارێك نی یە کە باوەڕدارێك بکوژێت مەگەر بەهەڵە، وەهەر کەسێك باوەڕدارێك بکوژێت بە هەڵە ئەوا دەبێت بەندەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات چ پیاو بێت یان ئافرەت، وە دەبێت خوێنی کوژراوەکە بدات بە کەس وکاری کوژراوەکە، مەگەر کەس و کاری کوژراوەکە لێی خۆش بن، وە ئەگەر موسڵمانە کوژراوەکە لە وولاتی کافرانی جەنگاوەردا بوو کۆچی نەکرد بوو بۆ وولاتی موسڵمانان ئەوا خوێنی نی یە وتەنها بکوژە موسڵمانەکە بەندەیەکی باوەڕدار ئازاد دەکات، وە ئەگەر موسڵمانە کوژراوەکە لە وولاتی کافرانی پەیمان لەگەڵ بەستراودا بوو ئەوا بکوژە موسڵمانەکە دەبێت خوێنی کوژراوەکە بدات بە کەس و کاری وبەندەیەکی باوەڕداریش ئازاد بکات، وە ئەگەر نەیبوو بەندەیەك ئازاد بکات یاخود بەندە نەبوو-وەکو ئێستا- ئەوا دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، خوای گەورە ئەم شتانەی تەشریع کردووە تا تەوبەکەتان لێ قەبوڵ بکات، وەخوای گەورە زانا وکاربەجێیە.

هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین کە ئازاد کردنی بەندە دانراوە بە کەفارەت بۆ کەسێك کە (ظهار) بکات لە خێزانەکەی (واتە: حەرامی بکات لە خۆی وەکو حەرامێتی دایك وخوشکی بەوەی کە پێی بڵێت: تۆ وەکو پشتی دایکم وابی لە من واتە: وەکو دایکم لێم حەرام بێت) پاشان ئەگەر ویستی لەو شتە بگەڕێتەوەو خێزانەکەی بگەڕێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی ولێی حەڵاڵ بێتەوە ئەوا دەبێت بەندەیەك ئازاد بکات.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا...﴾ [المجادلة: ٣] .

واتە: ئەو پیاوانەی کە(ظهار) لە خێزانەکانیان دەکەن پاشان دەیانەوێت بگەڕێنەوە لەو قسەیەو کۆببنەوە لەگەڵ خێزانەکانیاندا ئەوا دەبێت بەندەیەکی باوەڕدار ئازاد بکەن پێش ئەوەی کۆببنەوە لەگەڵ خێزانەکانیاندا...

هەروەها ئازاد کردنی بەندە دانراوە وەکو یەکێك لەکەفارەتەکانی سوێند خواردن، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ...﴾ [المائدة: ٨٩] .

واتە: خوای گەورە لۆمەتان ناکات لەو سوێندانەی کە بەدەمتاندا دێت ولەغوە،

ئـەم جۆرەیـان کـەفارەتی نـیـیـە، بـەڵام لۆمـەتان دەکـات لـەو سـوێندانەی کـە لـە دڵتانـــەوە دادەمـــەزرێت ومەبەســـتتانەو نییتتانە وپاشان دەیشکێنن ونایبەنە سەر ئـەوا دەبێـت کەفارەتەکـەی بـدەن کـە بریتی‌یە لە: دانی ژەمـە خواردنێك بـە دە کەســی هــەژار لــە خــواردنی ســەرەکی خۆتـان، یـاخود پۆشـاك دروسـت کـردن بۆیـان، یـاخود ئـازاد کردنـی بەندەیـەك، وەئەگەر کەسێك توانای یـەکێك لـەم سێ کەفارەتەی نەبوو ئەوا دەبێت سێ ڕۆژ بـە ڕۆژوو بێت.

**هۆکاری سێیەم: هاندان بۆ ئـازاد کردنـی بەنـدە لـە پێنـاوی ڕەزامەنـدی خـوای گەورە:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ وَمَا أَدْرَاكَ مَـا الْعَقَبَـةُ فَكُّ رَقَبَةٍ... ﴾ [البلد: ١١-١٣] .

واتـە: بۆچـی مرۆڤـ خـۆی گـورج وگـۆڵ وچالاك ناکات وئەو بەربەستانە نابڕێت کە بوونەتـە کۆسـپ لـە ڕێگـەی گوێڕایـەڵی کردنـی خـوای گـەورە، وە یـەکێك لـەو گوێڕایەڵی‌یانـە بریتـی‌یـە لـە ئـازاد کردنـی کۆیلە.

وە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(أيما رجل أعتق امرأ مـسلماً اسـتنقذ الله تعالى بكل عضوٍ منه عضواً منه من النار).

واتە: (هەر کەسێك بەندەیـەکی موسـڵمان ئازاد بکات، ئەوا خوای گەورە بەهۆی هەر ئەنـدامێکی ئـەو بەندەیـەوە کـە ئـازادی کـردووە ئەنـدامێکی ئـەو کەسـە ئـازاد دەکات لە ئاگری دۆزەخ، سـەعیدی کوڕی مەرجانە دەفـەرمێت: ئـەم فەرمووودەیـەم بـرد بـۆ علـی کـوڕی حـسین، ئـەویش بەندەیـەکی هـەبوو کـە عبداللە بـن جعفـر دابووی پـێی بە دە هەزار درهـەم، یـاخود هەزار دینار یەکسەر ئازادی کرد)(٧)

**هۆکـاری چـوارەم: ئیـسلام بەشـێك لـە زەکاتی داناوە بۆ ئازاد کردنی بەندە:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّمَا الـصَّدَقَاتُ لِلْفُقَـرَاءِ وَالْمَـسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُـوبُهُمْ وَفِـي الرِّقَابِ...﴾ [التوبة: ٦٠] .

واتـــە: تـــەنها زەکـــات بـــەم کەســـانە شـــەرعی‌یـــەو دروســـتە پێیـــان بـــدرێت: هەژاران ونەداران وفەرمانبەرانی–ئەوانـەی کـــە فـــەرمانڕەوا دەیاننێرێـــت بـــۆ کۆکردنەوەی زەکات– وئەو کافرانـەی کـە تازە موسڵمان بوونە بۆ دامەزاندنی دڵیـان لەســـەر ئیـــسلام، و بـــۆ ئـــازاد کردنـــی بەندە....

**هۆکاری پێنجـەم: هانـدانی موسـڵمان بـۆ دانـــانی بەشـــێك لـــە خێـــرو ســـەدەقە گشتی‌یـەکانیان بـۆ ئـازاد کردنـی بەنـدە:**

خوای گەورە دەفەرمێت:

---

(٧) (رواه البخاري عن أبي هريرةﷺ، وانظر: صـحيح الترغيب والترهيب: ١٨٩٠).

﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ ....﴾ [البقرة: ١٧٧] .

واتە: چاكە ئەوە نىيە كە ڕوو بكەنە ڕۆژهەلآت وڕۆژئاوا بەلكو چاكە ئەوەيە كەباوەڕ بهێنن بە خواى گەورە وڕۆژى دوايى و فريشتەكان وپەرتوكەكان وپێغەمبەران، وە لەكاتى خۆشويستنى مالٚ وپارەدا بيبەخشن بە خزم وهەتيوو نەدار وڕێبوار وداواكەر وكۆيلە بۆ ئازاد كردنى...

**هۆكارى شەشەم: مندالٚ بوونى بەندە لە خاوەنەكەى:** چونكە مندالٚەكەى دەبێتە هۆى ئازاد بوونى لە پاش مردنى خاوەنەكەى.

**هۆكارى حەوتەم: ئەگەر بەندەيەك دوو خاوەنى هەبێت يەكێكيان بەشەكەى خۆى ئازاد بكات ئەوكاتە ئيسلام بڕيارى داوە دەبێت ئەوى تريش بەشەكەى خۆى ڕزگار بكاتو بەندەكە بە تەواوى ئازاد بكرێت.**

**هۆكارى هەشتەم: ئازاد كردنى بەندە دانراوە بە كە فارەتى لێدانى:** پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

**(من ضرب غلاماً له حداً لم يأته أو لطمه فإن كفارته أن يعتقه)**[٨].

**واتە: هەركەسێك غولامێكى هەبێت وسزاى حەددى لێ بدات و هيچ تاوانێكى وايشى نەكردبێت كە حەددى لەسەر پێويست بكات، ياخود لێى بدات ئەوا كەفارەت ولێخۆشبوونەكەى ئەوەيە كە ئازادى بكات.**

**و: فەرمان كردن بە باش چاودێرى كردنى ديل:**

ئيسلام فەرمانى كردووە بە چاكە كردن لەگەلٚ ديلو ڕێز لێنانيان، وە قەدەغەى كردووە لە سوكايەتى كردن پێيان وسزادان و تانەو تەشەر لێدان وجوێن پێدانيان، وەبەرهەلستى سەختى كردووە لەوەى كە نەزانەكان ئافرەتە بەندەكانيان بەكاردەهێنا لە داوێن پيسيدا بۆ سود وەرگرتن لە كرێكەيان، خواى گەورە دەفەرمێت:

﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهُّنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ [النور: ٣٣] .

واتە: زۆر لە ئافرەتە كۆيلەكانتان مەكەن بۆ داوێن پيسى وزينا كردن كە ئەوان خۆيان داوێن پاكيان دەوێت، بۆ ئەوە

---

(٨) (رواه مسلم عن عبدالله بن عمر رضي الله عنه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٦٣٧٥).

زۆریـــان لێ دەکــەن کــە مــاڵی دونیاتـــان دەست کەوێت بە داوێن پیسی ئـەوان، وە هەر کەسێك زۆریان لێ بکات بۆ ئـەو کـارە ناهەموارە ئەوا خوای گەورە لـە پـاش زۆر لێ کردنیـــان لێخۆشـــبوو بەبـــەزەیی یـــە بەرامبـــەر ئـــەوان(ئـــەم ئایەتـــە لەســـەر گـەورەی دووڕووەکـان عبدالله بن أُبي بـــن سلول دابەزی کە ئافرەتی کۆیلـەی هـەبوو زۆری لێ دەکـردن بـۆ داوێـن پیـسی تـا پارەیان پێ پەیدا بکات).

لێخۆشـــبووە بـــەوانو بەســـۆزە بـــەوان، چونکە ئـەوان زۆریـان لێ کـراوە لـە لایـەن گەورەکانیانەوە

وە ئیسلام بە شێوەیەك هانی موسڵمانانی داوە بـۆ ڕێـز گـرتن لـە دیـل کـە هـیچ لـە یاساکانی دونیا پێـی نەگەیشتوون کاتێك فــەرمانی کــردووە بــە مارەکردنیــانو ژن پێـدانیان، وە ئـەم شـتەی بـاس کـردووە لەگــــەڵ بــــاس کردنــــی ژن هێنــــانی ئازادەکاندا، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِـنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْـنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [النور: ٣٢] .

واتە: ئەو پیاو وئافرەتانـەی کـە خێزانـدار نین با هاوسەرگیری بکـەن، وەلەگـەڵ ئـەو کۆیلــە پیــاو ئافرەتانــەی کــە بــاوەڕدار وچاکن، وە ئەگەر هەژار بوون ئـەوا خـوای گــەورە بـــە فـــەزڵ وچـــاکەی خـــۆی دەوڵەمەنـدتان دەکـات، وەخـوای گـەورە فــەزڵ و چــاکەی زۆر فراوانــە وزانایــە بــە بەرژەوەندی بەندەکانی.

وە خــوای گــەورە وەســفی چــاکە کــاران دەکات بەوەی کە لە خۆشەویستی خـوای گەورە خواردن دەدەن بە هـەژارو هـەتیوو دیل کە دەفەرمێت:

﴿وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَـا نُرِيـدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا﴾ [الإنسان: ٨-٩] .

واتە: بـاوەڕداران لەگـەڵ ئـەوەی خـواردن لایــان خۆشەویــست وبەنرخــە بــەڵام لــە خۆشەویستی خوای گـەورەدا دەیبەخـشن بە نەداران وهەتیوان ودیلەکان، وە پێیـان دەڵــێن: ئێمــە لەبــەر ڕەزامەنــدی خــوای گــەورە خواردنتــان پــێ دەدەیــن وهــیچ پاداشـت وسـوپاس کردنێکمـان لـە ئێـوە ناوێت.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئیسلام چـاودێری هەست وسۆزی بەندەو کۆیلەی کردووە لە هەڵبژاردنی لەفزی جوان بۆیان.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لا يقل أحدُكم عبدي وأمتي، ولكن فتاي وفتاتي وغلامي)[٩].

---

(٩) (رواه البخاري عن أبي هريرة رضي الله عنه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٧٧٥٨).

واتە: با کەسێك لە ئێوە نەڵێت: بەندەکەم و کەنیزەکەم، بەڵکو بڵێت: کوڕە لاوەکەم وکچە لاوەکەم وغولامەکەم.

وە قورئانیش ئەم لەفزە جوانەی بەکار هێناوە بۆ ئاراستە کردنی ئێمە بۆ بەکار هێنانی(هەمان ئایەتی پێشوو[النور: ٣٣]).

وە قورئان لەفزی کچانی بەکار هێناوە لە جیاتی کۆیلە، وە کەس‌و کاری بەکار هێناوە لە جیاتی گەورەکانیان لە کاتی ڕێگە پێدانی ئازادەکان بە خواستنی ئافرەتە کۆیلەکان کە ئەگەر نەیانتوانی ئافرەتی ئازاد بخوازن، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَانْكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ [النساء: ٢٥] .

واتە: هەر کەسێك لە ئێوە نەیتوانی ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاك بخوازێت ئەوا با کچانی باوەڕدار(کۆیلە) بخوازێت، وەخوای گەورە ئاگاداری باوەڕی ئێوەیە، وەلەوانەیە باوەڕی هەندێك لە ئافرەتانی کۆیلە باشتر بێت لە باوەڕی هەندێك لە ئافرەتانی ئازاد، وە بە ڕێگە پێدانی خاوەنەکانیان بیانخوازن وبە چاکەیش مارەییەکەیان پێ بدەن.

قورئان ئەم دوو دەستەواژە پاکەی بەکارهێناوە وەکو ڕێزێك بۆ ئافرەتانی کۆیلە تەنانەت لە لەفزیشدا.

وە یەکێکی تر لەو دەقانەی کە تێیدا فەرمان کراوە بە چاکە کردن لەگەڵ کۆیلەدا ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ..... وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ..........﴾ [النساء: ٣٦] .

واتە: ئێوە بەتاك وتەنها خوای گەورە بپەرستن و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار مەدەن، وە چاکە بکەن لەگەڵ دایك وباکتان و ..........کۆیلەکانتاندا........

وە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(للمملوك طعامه وكسوته، ولا يكلف من العمل إلا ما يطيق، فإن كلفتموهم فأعينوهم، ولا تعذبوا عباد الله خلقاً أمثالكم)[١٠].

واتە: مرۆڤی بەندە دەبێت خواردن وخواردنەوەی خۆی هەبێت، وە نابێت زیاتر لە توانای خۆی داوای کاری لێ بکرێت، وە ئەگەر داوای زیاترتان لێیان کرد ئەوا خۆتان یارمەتیان بدەن، وەئەی بەندەکانی خوا ئازاری کەسانێکی وەك خۆتان مەدەن.

(١٠) (رواه مسلم عن أبي هريرة رضي الله عنه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥١٩١، ٥١٩٢).

وەدەفەرمێت:
**(إخوانكم خولكم جعلهم الله تحت أيديكم، فمن جعل الله أخاه تحت يده فليطعمه مما يأكل، وليلبسه مما يلبس، ولا يكلفه من العمل مايغلبه، فإن كلفه مايغلبه فليعنه عليه)**[11].

**واتە: براکانتان بە ئێوە سپێردراون وخوای گەورە ئەوانی خستۆتە ژێر دەستی ئێوەوە، جا هەر کەسێك خوای گەورە برایەکی خستە ژێر دەستی‌یەوە ئەوا با خۆی چی دەخوات ئەوەش بدات بەو، وەچی دەپۆشێت ئەوەیش لەبەر ئەو بکات، وە باداوای کارێکی لێ نەکات کەلە توانایدا نەبێت ولەسەری قورس بێت، وەئەگەر داوای لێ کرد ئەوا با خۆی هاوکاری بکات ویارمەتی بدات.**

**وە** أبي مسعود الأنصاري رضي الله عنه **دەفەرمێت:** كنت أضرب غلاماً لي، فسمعت من خلفي صوتا: **(إعلم يا ابا مسعود لله أقدر عليك منك عليه)** فالتفت فإذا هو رسول الله ﷺ فقلت يا رسول الله: هو لوجه الله فقال: **(أما لو لم تفعل للفحتك النار او لمستك النار)**[12].

**واتە: لە منداڵێکی خزمەتکارم دەدا، لە پشتمەوە گوێم لە دەنگێك بوو وتی: ئەی باوکی مەسعود بزانە کە خوای گەورە بەدەسەڵات ترە بەسەر تۆدا لە دەسەڵاتی تۆ بەسەر ئەو منداڵەدا، کاتێك ئاوڕم دایەوە بینیم پێغەمبەری خوایە ﷺ، ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوا ئازادم کرد لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر ئازادت نەکردایە ئەوا ئاگری دۆزەخ دەتی سوتاند یاخود دەتی گرتەوە.**

**وە سەلمان رضي الله عنه دەیەوێت خزمەتکارەکەی فێرە ئەدەب بکات، بەڵام لە تۆڵە سەندنەوە دەترسێت ودەفەرمێت:**
**(لولا أني أخاف القصاص لأوجعتك)**[13].

**واتە: ئەگەر لە تۆڵە سەندنەوە نەترسامایە ئێستا ئازارم دەدایت.**

**وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:**
**(ثلاثة لهم أجران: رجل من أهل الكتاب آمن بنبيه وآمن بمحمد ﷺ، والعبد المملوك إذا أدى حق الله وحق مواليه، ورجل كانت له أمة فأدبها فأحسن تأديبها، ثم أعتقها فتزوجها فله أجران)**[14].

**واتە: سێ کەس دوو پاداشتیان هەیە: پیاوێك کە ئەهلی کتاب بێت باوەڕ بە پێغەمبەرەکەی خۆی بهێنێت پاشان**

---

(١١) (رواه البخاري ومسلم عن أبي ذر رضي الله عنه، وانظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٨٤٢).
(١٢) (رواه مسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٣٣٥٣).
(١٣) (صححه الشيخ الألباني في: الأدب المفرد: ١٨٢).
(١٤) (رواه البخاري ومسلم عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه، وانظر: مشكاة المصابيح: ١١).

باوەڕ بە محمدﷺ بهێنێت، وەبەندەیەکی خاوەندار ئەگەر مافی خوای گەورە وخاوەنەکەی بدات، وەپیاوێك کەنیزەیەکی هەبێت بە شێوەیەکی جوان وباش فێرە ئەدەبی بکات، پاشان ئازادی بکات ومارەی بکات ئەوا دوو پاداشتی هەیە.

وەپێغەمبەرﷺ بەردەوام ئامۆژگاری موسڵمانانی دەکرد کە مامەڵەو هەڵسوکەوتیان چاك بێت لەگەڵ بەندەو کۆیلەکاندا بەتایبەتی لەگەڵ ئافرەتانیاندا، تەنانەت لە سەرەمەرگیشیدا دوا ئامۆژگاری و وەسێتی ئەوە بوو کە:

(كانت عامة وصية رسول الله ﷺ الصلاة الصلاة وما ملكت أيمانكم، فما زال يقولها حتى جعل يغرغر بها في صدره وما يفيض بها لسانه)(١٥).

واتە: هەموو وەسێت و ڕاسپاردەی پێغەمبەرﷺ ئەمە بوو دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە ئاگاداری نوێژەکانتان وکەنیزەکانتان بن ولەگەڵیاندا باش بن، بەردەوام ئەم ئامۆژگاری‌یەی دەووتەوە تا لە سینگیدا غەرغەرەی پێ دەکرد و نەیتوانی بە زمان بیڵێت.

وە دەیفەرموو:

(الله الله فيما ملكت أيمانكم أشبعوا بطونهم واكسوا ظهورهم وألينوا القول لهم )(١٦)

واتە: ئەتانترسێنم بە خوای گەورە کە چاك بن لەگەڵ کەنیزەکانتاندا، تێریان بکەن و پۆشتەیان بکەن، ووتەی نەرم ونیانیان لەگەڵدا بەکار بهێنن.

بەم شێوەیە ڕێنمایی‌یەکانی ئیسلام گەیشتە سەربەرزی‌یەك کە هیچ دوژمنێکی سەرسەختی ناتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت مەگەر درۆی بۆ هەڵبەستن‌و بوهتانی بۆ بکەن و سەرلە خەڵکی بشێوێنن کە ئەمیش زۆر ناخایەنێت‌و ڕاستی‌یەکان بە درۆیان دەخەنەوە و واقیعی ڕوناك تاریکی‌یەکەیان لادەبەن.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

================

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

---

(١٥) (رواه ابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح ابن ماجة: ١٦٢٥، وصحيح الترغيب والترهيب: ٢٢٨٦، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٨٦٨).

(١٦) (رواه الطبراني عن كعب ابن مالك ﷺ، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٢٨٨).